# ئەیوب بارزانی: گەندەڵی بە جۆرێک لەناخی سەرکردەکاندا چەسپاوە مومکین نیە بتوانن دەستبەرداری بین

15. | , , , ,کانونی یەکەم 2012 18:20

---




هاوڵاتی

سیاسەتمەدارو رۆشنبیری ناسراو ئەیوب بارزانی لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی رۆژنامەی هاوڵاتیدا رەخنە لەسیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەگرێتو ئاماژە بەوە دەکات بەهۆی "تەشەنەسەندنی گەندەڵییەوە" سەرکردەکانی ئەمڕۆ چاکسازییان پێ ناکرێت، هەروەك بەزەحمەتی دەزانێت ئۆپۆزسیۆن بەم نەفەسەی ئێستاوە چاکسازی پێبکرێت.

لەبارەی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداوە، ئەیوب بارزانی پێی وایە بەشێکی سەرەکی کێشەکان شەخسینو ئاماژە بەوەش دەکات لەنێوان مەترسی ناوەکیو مەترسی دەرەکیدا ئەولەویەت دەبێت بەمەترسییە ناوخۆییەکان بدرێتو کورد ماڵی خۆی رێکبخاتەوە:

ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

هاوڵاتی: ئەوەی ئاشکرایە تائێستا حکومەتی هەرێم خاوەن هێزی نیشتمانی تایبەت نییە، هێزی بێشمەرکە لەبندەستی بارتی و یەکێتیدایە، بەرای ئێوە بەم هێزەی ئێستا ئەتوانرێت داکۆکی لەقەڵەمرەوی مالیکی یان هەر هێرشێکی تری دەرەکی بکیرێت؟

ئەیوب بارزانی: سەرکردەکانی ی.ن.ک وە پ.د.ک ئەوەلیاتیان هەڵبژاردووە لە ڕووی ئەمنی خۆیانەوە..چۆن خۆیان لە یەکتر بپارێزن.. ئەنجامی شەڕی ناوخۆیان کە چەندین ساڵی خایاند مەترسیەکی قووڵ لەلای هەردوو سەرکردە پەیدا کردووە بەرامبەر بە یەکتر. ئەوە بووە بەردی بناغەی گەشەپێدانی هێزی ئەمنی حزبی..(پاراستن، ئاسایش،زانیاری،زێرەڤانی،دژە تیرۆر..هتد) بە واتایەکی تر پاراستنی ئاسایشی حزبی خۆییان، لە بە رئە وە کە م خە م بوون لە دامەزراندنی لەشکرێکی نیزامی نیشتمانیی....

پاش ٢١ ساڵ نەتوانراوە سوپایەکی نیشتمانی نیزامی دابمەزرێت دوور لە دەستێوەردانی حزبایەتی، تەنها قسەی لەسەر کراوە هیچ هەنگاوێکی جدیان نەناوە. پرسەکە ئەوەیە کاتێک سوپایەکی نیزامی نیشتیمانیی دروست بوو، کێ کۆنترۆڵی دەکات؟ پ.د.ک یان ی.ن.ك؟

بەبەراوردکردنی هێزی چەکداری هەولێرو بەغداد بێ گومان لەبەرژەوەندی هەولێردا نیە. لە هەمان کاتدا واشنتۆن ناهێڵێت ناکۆکیەکان بگاتە شەڕی چەکداری هەرچەندە سوپای ئەمریکا لە عێراق دا بوونی نەماوە بەڵام سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا گرنگیەکی ستراتیژی دەدات بە عێراق، بۆیە ناهێڵێت چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بە شەڕ بکرێت، بێگومان داوا لەهەردوو لا دەکات کە بەڕێگای دانووسان و گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەن.

هاوڵاتی: زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە پارتی و یەکێتی نەفەسی رێفۆرمیستیان تانییە، یان هیج نەبێت لەئاستی داخوازیەکانی جەماوەردا نین، بەری ئێوە کام رێکا کونجاوە بۆ فشارخستنە سەر ئەم دوو حیزبە فەرمانرەوایانە؟

ئەیوب بارزانی: گەندەڵی بە جۆرێک لەناخیاندا چەسپاوە مومکین نیە سەرکردەکانی ئەمڕۆ بتوانن دەستبەرداری بن. ئیدارەی ئێستا خۆی دروستکەری گەندەڵی و بەیاسا کردنی گەندەڵیە لەلای خودی خۆیانەوە. هەرلەبەر ئەوەشە پێویستیان بە هێزی چە کداری حزبی هەیە بۆئەوەی خۆیان و گەندەڵستانی خۆیان بپارێزن.

گەندەڵە بچووکەکان لە گەندەڵیدا لاسایی (تقلیدی) گەندەڵە گەورەکان دەکەنەوە، لە گەورەکانیانەوە نموونە وەردەگرن. لەبەر ئەوە وەهمێکی مەترسیدارە کە هێزی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت چاکسازی بەم دەسەڵاتە بکات لە ڕێگای ئامۆژگاری برایانەی بەردەوام لە کۆبونەوەکان دا، وە قەناعەت پێکردن بە ناوی بەرژەوەندی وڵات و گەل و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕەوشتی ئایینی ئیسلام...هتد دا.

دەسەڵاتی گەندەڵ لە سە ر گەندەڵی دەژی و لەبەرژەوەندی دایە کە گەشە بدات بە گەندەڵی لەناو کۆمەڵگەدا. هەوڵ دەدات نەوەیەکی بێ کەرامەت، بێ شەخسیەت، ترسنۆک، پارەپەرست،هەل پەرست دروست بکات. بەرهەمی چەند ساڵەی ئەو دەسەڵاتە بووە هۆی پەیدا بوونی چینێکی زۆر دەوڵەمەند، ئەم چینە بەستراوەتەوە بە لوتکەی دەسەڵاتی حزبی و بنەماڵەیی، دەسەڵات و ئەم چینە توانیویانە لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسی و کۆنترۆڵی پارە زۆرینەی تۆڕی ڕاگەیاندن: تەلەڤزیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، ڕادیۆکان، پاوەن بکەن. هەر ئەم چینەیە پشتگیری مانەوەی دەسەڵاتی گە ندەڵ دەکات، بەرژەوەندی خۆی لە مانەوەو بەردەوام بوونی ئەم سیستەمە بۆ ماوەیی (ویراسی) یەدا دەبینێت وداپۆشی تاوانەکان دەکا.

ئۆپۆزسیۆن وجەماوەرێکی بە هێز لە گەل بەر هە ڵستیان کرد، تا نیوەی ڕێگا چوون... پاشان لە نیوەی ڕێگا وەستان بۆ گفتوگۆو پێدانی ئامۆژگاری بە دەسەڵات بۆ چاکسازی سیستەمی حوکمڕانی وڵات.. بەڵام دەسەڵات نەک هەر گوێی لێ نەگرتن بەڵکو گاڵتەی بە ئامۆژگاریەکان دەهات وە هانیانی دەدا بە ڕاشکاوانە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزاری و پۆستەکانی تر، بۆ ئەوەی ئەوانیش تێوە بگلێنێت ، لە بەشدار بوون و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی کوردستان، بۆ ئەوەی بێ دەنگ بن لە باسی گەندەڵی. بەڵام خۆشبەختانە ئەو پیلانەیان تا ئێستا سەرنەکەوتووە بە گوێرەی زانیاری خۆمان.

هەر لەبەر ئەوەیە بە ڕای ئێمە پێویستیمان بە ئۆپۆزسیۆنێکی نوێ و بوێرتر هەیە، نزیکتر لە فکر و لە ڕۆحی ئەم سەردەمەی کە تێیدا دەژین، لە نیوەی ڕێگادا نە وەستێت. پڕۆژەیەک پێشنیاز کراوە بە ناوی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان وابزانم هەنگاوێکی باشە بۆ ئەو مەبەستە.

هاوڵاتی: ئۆبۆزیسۆن و میدیای ئەهلی و خەباتی یاسای بەرلەمان تارادەیەك شكستیان هێناوە لەبەرامبەر جارەسەر كردنی برسەكانی ناوخۆی هەرێم، ئایا بەرای ئێوە تاجەندەی تر دەسەڵاتدارانی هەرێم دەتوانن بەم شێوەیە بمێننەوە؟

ئەیوب بارزانی: هۆیەکی گرنگ لە سەرنەکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئەهلی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی دیموکراسی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگای کوردیدا، ئەوە بوو، بە شێوەیەکی گشتی پارتە کوردیەکان منداڵی یەك دایکن، لەیەک سەرچاوە هاتوون – بێجگە لەپارتە ئیسلامیەکان- ی.ن.ك لە پ.د.ك جیابۆوە..پارتی گەل بەسەرۆکایەتی سامی عەبدولرەحمان لە پ.د.ك جیابۆوە پاشان دیسانەوە پێکەوە لکانەوە.

گۆڕانیش لە ی.ن.ك جیابۆوە..ئەتوانین بڵێین کە ئەمانە هەموویان قوتابی (قوتابخانەی حوکمی زاتین). سەرکردەکانیان تەمەنێکی درێژیان لە کاری سیاسی هاوبەش بردە سەر، لە خۆشی و ناخۆشی دا، لە سەرکەوتن و شکست هێنان لەمانە هەموویان پێکەوە بوون. زەحمەتە مرۆڤ لە ڕابردووی هاوبەشی یەکتر وا بەئاسانی بپچڕێت، ڕابردووی ئەوان ڕێگرە لەبەردەم جیابوونەوەیەکی تەواویی، ئەم ڕابردووە کارایە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر نەبوونی هەڵوێستی سیاسی جیاوازو سەربەخۆ. وە دیسانەوە بوونی بیرو یادەوەریەکانی(نۆستالجیا) ی ڕابردوو کە لە سرووشتی هەموو مرۆڤێکدا هەیە ئەوەش شتێکی سروشتیە کە هەبێت لە هەموو تاکێکدا.

میدیای ئەهلی، بە تایبە تی لە سلێمانی، کە جیلی نوێ بەڕێوەی دە بات، گرێدراوو گوێڕایەڵی حزبە کلاسیکەکان نین. تێڕوانینان بۆ گرفتە کانی کۆمە ڵگا جیاوازە لە تێڕوانینی سەرکردە ئۆتۆکراتەکانی کورد. هەر لەبەرئەوەشە، گە مارۆ دراون، فشارو هەڕەشەو هەوڵی کوشتنیان زۆر دەدرێ. ئێستا ئامانجە گرنگەکانی هاوپەیمانی دەسە ڵاتی ئۆلیگارکی کورد ئە وە یە، ورەی ژورنالستی میدیای ئەهلی بشکێنێت، بێ ئومێدیان بکات و پەراوێز بکرێن لە جەماوەر، قەناعەتیان پێ بکەن کە کاری ئەوان بێ سوودە و واز بێن وببن بە گوێڕایەڵی دەسەڵات. هەوڵ دەدرێ ژورنالیستە سەر بە خۆیەکان دژ بەیەک بن و لای یەک

ناحەز بن ، بەراستی ئەوانەی کە کۆڵ نادەن بۆ فشار وئیغرائاتی مالی دەسەڵاتی گەندەڵ، خاوەن ڕێزو حورمەتێکی تایبەت دەبن لە مێژووی نیشتمانی گەلی کورد.

هاوڵاتی: زۆربەی راپۆرتە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان قسە لەسەر ئەوە دەکەن لەهەرێم بەشێوەیەکی نا شەفافـو نارۆشن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بازرگانی بەنەوتەوە دەکەن، ئایا ئەم بازرکانییە نابێتە هۆی بەهێزکردنی بێکەی ئەوان؟

ئەیوب بارزانی: ناکۆکی نێوان سەرۆکی هەرێمو سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر فرۆشتنی نەوت و گرێبەستەکانە لەگەڵ کۆمپانیا بێگانەکان. هە ردووکیان حەزئەکەن بەقارەمان و پاڵەوانی بێ هاوتا بناسرێن، لەناو جە ماوەرێکی سڕکراو(بەنجکراو) بە پڕوپا گەندەی چەوتی حزبی. عەقڵیەتی لووت بەرزی وهەست بەگەورەیی خۆیان – تا ڕادە ی پاتۆلۆجی – زۆر زاڵە لە مێشکیان و ڕێگرە لەبەرێوە بردنی دیبلۆماسیتیەکی هاوسە نگ .
شێوەی مامەڵەکردنی بەرپرسانی کورد لەگەڵ دۆسیەی پەترۆڵ، جێگەی ڕەخنە گرتنێکی توونده لەناو خودی کوردستاندا، بەتایبەتی لەلای جەماوەرو هێزی ئۆپۆزسیۆن، چونکە بە شێوەیەکی نا شەفاف و نادیار لە تاریکیدا دەکرێت. تایبەتمەندە بە چەند کەسێک لە دەسەڵاتی بنەماڵە.

هەر جارێک پەیوەندی نێوان مالکی و سەرۆکی هەرێم ئاڵۆز دەبێت، سەرۆکی هەرێم خۆی نزیکتر دەکاتەوە لە ئەنقەرە، هەروەک توێژەری سیاسی ئەمریکی( جۆست هێلترمان) دەڵێت: " سەرۆکی هەرێم بیرو ڕای وایە کە تاکە چارەسەر تورکیایە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە مامەڵەی تورک لەگەڵ کوردا باش نیە " وە دەڵێت : " سەرۆکی هەرێم پێشنیاری تورکەکانی کردووە کە ڕۆژانە بەبڕی یەک ملیۆن بەرمیل بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ڕاستەوخۆ ڕەوانەی بۆریە نەوتەکانی تورکیا بکرێت کە ئێستا تورکیا خەریکی دروست کردنیانە.". ئەمە جگە لەوەی کە چوار بنکەی سەربازگەی تورکی لەناوچەی بادینان دامەزراوە لەگەڵ بوونی ٢٥٠٠ سەربازی تورکیو بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای تورکی کە گرێبەستی بازرگانی گرنگیان بە دەست هێناوە لە هەرێمی کوردستان، کە بە دان پێدانانی سەرۆکی هەرێم ڕادەی بازرگانی دەگاتە ٨ ملیار دۆلار لە نێوان هەرێم و تورکیا...

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ دۆسیەی نەوت بەشێوەیەکی ساویلکانە دەکرێت نەوت بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشرێت، گرنگی نادەن بەو پێشبینیە ستراتیژیانەی کە تورکیا لە کوردستان هەیەتیو هەروەها ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئەنقەرە هەیە زیاتر پەیوەندیەکی شەخسیە وەک لەوەی کە پەیوەندیەک بێت لەنێوان دوو حکوومەت. بۆیە تورکیا ئەم جۆرە پەیوەندیانەی لەگەڵ هەرێم پێ خۆشە وەک ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێک دا هەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بازرگانی کردنی نەوت بەشێوەیەکی قاچاخ لەگەڵ دەسەڵاتی ئابووری شاراوە، داهاتی گومرگەکان،لەگەڵ ١٧% ی بودجەی عێراق، توانایەکی ئابووری و سیاسی و ئەمنی زۆر دەداتە دەسەڵات، بەڵام کە گەندەڵی بەپارەوە کرا، ئەنجامی پێچەوانە دەدات بەدەستەوە، دەبێتە هۆی نارازی بوون و تووڕەیی گەل دژ بەدەسەڵات. بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی کەگەل هەوڵ بدات متمانە لەدەسەڵات بسەنێتەوەو ئەو دەسەڵاتە بڕوخێنێت، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات متمانەی نێودەوڵەتی لە دەست دەدات، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە کە کورد ئەم هەلە لەدەست بدات.

هاوڵاتی: تا جەندە گەشبینیت بەرامبەر رەوشی ئێستای کوردستان، لەلایەك مالیکی هێز دەنێرێتە جێکەناکۆکەکانەوە، لەلایەکی تریش دابەش بوون بەسەر جەمسەری تورکی و ئێرانی زەقتر دەردەکەون و تادێت نائومێدیش لای جەماوەر لە زیاد بووندایە؟

ئەیوب بارزانی: کێشە لەوەدایە کە دەستووری عێراق کەس ڕێزی لێ ناگرێت برگەکانی جێبەجێ ناکرێت وەک بۆ نموونە ماددەی ١٤٠، وە ڕاستی ئەو ناکۆکیانەی نێوان مالکی و سەرۆکی هەرێم بە پلەی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ کێشەی پارە چونکە پارە هۆیەکی گرنگە بۆمانەوە لە دەسەڵات. دکتاتۆرەکان هەمیشە مە ترسی دەرەکی بەکاردەهێنن بۆدەم بە ستن وتۆقاندن و گەوجاندنی گەلەکەیان، بۆ پۆشین و بیر نەکردنەوەو بیر بردنەوەی باسی گە ندەڵی و تاوانەکانی دەسە لات ، وەرێگا بگرێ لەڕاپەڕینی جەماوەریی.

بۆ گەڕانەوەی پرسیارەکەت ئێمە دەبێت تەماشای ۲۱ ساڵەی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردی بکەین کە ئەتوانین بڵێین تا ئێستا کورد سەربەخۆیی لە بەڕێوەبەردنی بەشێکی مەزن لە وڵاتی خۆیدا بە خۆیەوە نەبینیوە، کە پرسیار بکەین سەبارەت بەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێناوە لە بواری دیموکراسی، سەربەستی و ئازادی ڕادەربڕین، هە ڵبژاردنی پاك، دادپەروەری کۆمەڵایەتی گشتی و یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، یان لە بواری سیاسەتی دەرەکی، دەبینین پاش ۲۱ ساڵ لەو [ئۆتۆکراسی بێ لغاو]ە تا ئێستا خاوەن دەستورێکی مۆدێرن نین، پەرلەمان لە خزمەتی دەسەڵاتە نەک گەل، ئەنجومەنی یاسایی لەژێر ڕکێفی پارتە دەسەڵاتدارەکانە، وە زۆربەی گرفتە گرنگەکان کە لە ژێر حوکمڕانی سەدام جێ بەجێ کراوە وەک تەعریب کردنی شاری کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکان هیچ گرنگیەکیان پێ نەدراوە لە چوارچێوەی خۆیاندا ماونەتەوەو هیچ هەنگاوێکی جدی نەنراوە بۆ چارەسەرکردنیان. هەر لەماوەی ئەم ۲۱ ساڵە ، شەڕی براکوژیان کردلەسەر پارە، وە لەسەر دابەشکردنی پارە لەنێوان خۆیاندا پێک هاتنەوەو یەکتریان ماچ کرد ، ئەمە جگە لە بوونی کۆمەڵێک دیل بەبێ گرتنی هیچ جۆرە ڕێزێک بەرامبەر بە یاسا نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ دیلدا، بە جۆرێک کە دیلەکانیان کوشتن و بێ دەنگ بوون هەتا لە ژێر فشاری گەل وکەس و کاری دیلەکان ناچار کران پێش دوومانگ دان بنێن بە کوشتنیان، ئەم کارە قێزەونەیان هەتا دژی عادات و عورفی عەشایریشە.

بەرتەسکردنی ژیانی دیموکراسی لە خەڵک، کوشتنی ڕۆژنامە نووسان بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە وە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ وە دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان دوور لە هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی و شەفافیەت. دەیانەوێت هەموو ئەمانە ببێتە نموونە بۆ ئاییندە بۆ ڕاگواستنی بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانی بنەماڵەیی لە کورستان، بێ بەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە ڕووی داون و چۆن سەرکردەکانیان ڕاو دەنێن.

من لەو باوەڕەم، گەلی کورد بەرامبەر دوو گرفتە [مەترسی ناوەکی] و [مەترسی دەرەکی] پێویستە بەر لەهەموو شتێک، ناو ماڵی خۆمان چاك بکەین پێش ئەوەی باسی دکتاتوریە تی دراوسێکان بکە ین .
ئەیوب بارزانی وەڵامەکانی بەزمانی عەرەبی داوەتەوەو (سۆران نە بی) کردونی بەکوردی.